بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی پاسەوانی بەرپرسێک لە شاری سلێمانی دەستگیرکرا

ئەمڕۆ دووشەممە 28ی تشرینی یەکەمی 2024، دوای ئەوەی کەسێک بەناوی (سەڵاح حەمە ساڵح) لەگەڕەکی قوڵەڕەیسی سلێمانی لەلایەن پاسەوانی پێشووی بەرپرسێکی باڵاوە کوژرا، کەمێک پێش ئێستا تۆمەتبارەکە لەلایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاسایش دەستگیرکرا.

هەروەها دوای ڕێکارە یاساییەکان بەپێی تایبەتمەندی کەیسەکە ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەکرێت.

کوژراوەکە لە دایکبووی (1976)ە و خاوەنی پێنج منداڵە، برای هەڵسوراوی دیاری بزوتنەوەی گۆڕان ستار کانی سپیکەیی-یە.